# «تاوەکو سەرجەم هێزە ئەمنییەکان و ئیدارییەکان بە بیری تەسکی حیزبی بیربکەنەوە ئەگەری دووبارەبوونەوەی روداوەکانی بادینان هەیە.» رۆشنبیر و رۆژنامەنوسان وا دەڵێن




هێرشکردنە سەر بارەگاکانی یەکگرتوو لە دەڤەری بادینان ناڕەزایی فراوانی لێکەوتۆتەوە، رۆشنبیر و نوسەرانیش رەخنەی توند لە دەسەڵاتی ئەم ناوچەیە دەگرن و پرسیار دەخەنە سەر ئازادی ژیانی سیاسی لە کوردستان، لە خوارەوە کۆمەڵێک نوسەر و روشنبیر رای خۆیان لەبارەی ئەم رووداوانەوە دەخەنە روو.

(لەتیف فاتیح فەرەج) ی نوسەرو رۆژنامەنووس پێی وایە ئەو رووداوانە بەردەوام دەبێت تاوەکو ئەو لایەنانەی لە ساحەی سیاسی کوردستانن یەکتری قەبووڵ دەکەن تا ئەو کاتەی ئەو هێزانە وا بزانن کە ئینسانی کورد لە سەرووی حیزب و رێکخراو و سەروەریەکانی حیزبەوەیە، ئەگەر هەر وەک ئێستا بیر بکەنەوە بە بڕوای من چەند جار دووبارە دەبێتەوە.

هەروەک تائێستا یاسا سەربەخۆ نیە، گەورەترین موشکیلە لە هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ نیە چ جای ئەوەی کە تۆ پشت بەو دەسەڵاتە ببەستی، ئەوەی ماوە سەرۆکی هەرێمە کە دەبێت وەکو سەرۆکی هەرێم لەم رووداوە دەرکەوێت نەک وەک سەرۆکی پارتی کە بەداخەوە ئەوەی بینیمان وەکو سەرۆکی پارتی تەعامولی لەم رووداوە دەکرد، بۆیە بەرپرسانی ئەم وڵاتە ئەوەندەی حیزبیانە بیردەکەنەوە ئەوەندە خەم خۆرانە بیرناکەنەوە بۆ کێشەکان، بۆیە تا ئێستا رووداوەکانی پێشوتر پێمان دەڵێن یاساو تەنانەت بڕیاری سەرۆکیش لە ژێر پرسیارەو بە نموونە (١٧) ی شوبات و ئەمرووداوانەی‌بادینان.

(شوان مەدحەت) سەرنووسەری رۆژنامەی داهێنانیش دەڵێت: تا ئەو عەقڵیەتە ناوچەیانەی لەو سنوورە بەو شێوەیە بیربکەنەوە کە نابێت جگە لە خۆیان هیچ لایەنێک بوونی هەبێت، ئەگەری ئەم جۆرە رووداوانە بەردەوامە. ئەگەری دووبارەو سێ بارەی رووداوەکان بەردەوامە، کاتێک سەرجەم هێزە ئەمنییەکان و ئیدارییەکان بە بیری تەسکی حیزبی بیربکەنەوە ئەم حاڵەتە ترسی‌هەیە.

سەرنوسەری رۆژنامەی داهێنان ئاماژە بەوەشدەکات کە هیچ متمانەیەکم بەو بەڵێنانەی دەسەڵات نابێت کاتێک دڵنیایی ببەخشێت بە دووبارە نەکردنەوەی رووداوەکان، کاتێک هیچ تاوانبارێک، یان کەمتەرخەمێک سزا نەدرێت، بە بەرچاوی هەموو هێزە ئەمنییەکانەوە شوێنی گەشتیاری و مەیخانە دەسووتێنرێت، بارەگای یەکگرتووی ئیسلامیی دەسووتێنرێت، چۆن بڕوا بە بەڵێنەکان بکەین؟ لەبەرئەوە ئەو قسانە کە باسبن لە بەڵێنی دووبارە نەکردنەوەی قسەیەکی بێبایەخە. ئەگەر سەرۆکی هەرێم لە رێگەی ئەو لیژنەیەوە بە ویژدانێکی دروستەوە گەشت بەوەی کە پێویستە تاوانباران سزا بدرێن، بە جورئەتەوە سزای دان، ئەوکات‌متمانەمان‌بۆدەگەڕێتەوە.

(دیار هەمەوەند)ی رۆژنامەنووسیش پێی وایە تا ئەو کاتەی حکومەت حیزب بیبات بەڕێوە ئەگەری سوتانی بارەگاکان هەیە، ئەو کاتەی حیزب لە حکومەت جیا دەکرێتەوە دەشێت کەمێک دڵنیابین لە کەم بوونەوەی کەلتوری سوتاندن.

وتیشی متمانەم بە بەڵێنەکانی دەسەڵات نیە،دەسەڵات تا ئەو کاتە بەڵێنەکان جێبەجێ دەکات کە زەرەری بۆ بەرژەوەندی‌حیزبەکەیان‌نەبێت.

«ئەگەر دەسەڵاتی کوردی بەم جۆرە عەقڵیتە شەرەنگێز و کەم تەرخەمیەوە بیر بکاتەوە ئەوە بە دڵنیایەوە ئەم رووداوانە چەند بارە دەبنەوە.» گۆنا هەڵەبجەیی، رۆژنامەنووس‌وادەڵێت.

هەروەها وتیشی متمانە بوونیشمان بە دەسەڵاتی خۆماڵی نیە، چونکە حکومەت حکومەتی حیزبە سەرۆک ویاساو لایەنە پەیوەندی دارەکان هەموویان حیزبین و لە بڕیاری برا گەورەکانیان دەرناچن، ئیتر با یاسا بۆ خۆی چۆن دەکات با بیکات، یاسایەک خنکێنرا بێت چی چاوەڕوان دەکرێت‌لێی.

(ئاکۆ شوانی) پەیامنێری رادیوی نەوا پێی وایە ئەگەر یەکگرتوو بەردەوام نەبێت لەسەر ئاشکرابوونی بکەران و هەڵوێستی نەگۆڕی لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە،ئەوە بە دوری مەزانن بارەگای سوتاندنی حیزبەکەتان ببێتە ساڵانە.

(فریاد شوان)ی رۆژنامەوانیش پێی وایە هەر وڵاتێک یاسای تیادا جێبەجێ نەکرا ئەوە بە دڵنیایەوە پاشاگەردانی رووی تێدەکات وەک ئێستا دەیبینین لە کوردستاندا، یاسا لەم وڵاتەدا دادوەرەکەی حیزبە، حیزبیش لەم هەرێمەدا پاشخانێکی هەیە لە ستەمو زۆرداریو پێشێلکردنی یاسا، لە کوردستاندا یاسا وەک لاستیک وایە بە دەست حیزبەوە چۆن بیانەوێت بەلای خۆیاندا رایدەکێشن.

ئەو رۆژنامەوانە نیگەرانی خۆشی ناشارێتە لە هەمبەر حکومەتی کوردی و دەڵێت چۆن دڵمان بە دەسەڵات و حکومەتی کوردی خۆشبێت لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم خاوەن تەنها پۆلیسێک نیە کە تۆمەتبارێک راپێچی زیندان بکات، پارە لە دەستی حیزبەیە چەکدار هەر هی ئەو یاسا هەر لە خزمەتی ئەودایە، بۆیە سەرجەم جومگەکانی وڵاتیان قۆرخ کردووەو وەرگرتنەوەی مافیش لەو جەنجاڵیە زۆر زۆر ئەستەمە.

(سەنگەر بیلال)یش لە رۆژنامەی چەتر دەڵێت پارتی دیموکراتی کوردستان هەر ساتەوەختێک هەست بەوە بکات لایەنێکی سیاسی ململانێی جەماوەری لەگەڵدا دەکات ئەوە پەنا دەباتە بەر توندوتیژی. سەنگەر جەخت لەوەشدەکاتەوە کە لە رووی سیاسییەوە ئەم حیزبە لە قەیراندایە.

# ئەم سیناریۆیە شایستەی نمایش نەبوو!



جەمال غەریب حەمە

**(جیاوازی نێوان راستگۆ و درۆزن لەوێدایە راستگۆ ئەگەر درۆشبکات هێشتا باوەڕی پێدەکەن، بەڵام درۆزن ئەگەر راستیش بڵێت هێشتا جێگای گومانە).**

بەردێژای ماوەی دەسەڵاتی کوردی بۆ هەموو رووداوە خوازرا و نەخوازراوەکان سیناریۆی خۆی هەبووە بۆ پەردەپۆشکردنی راستیەکان، ئیتر ئەگەر سیناریۆکە پێش حەدەسەکە کەوتبێت یان حەدەسەکە پێش سیناریۆکە، لەوانەیە هەڵەنەبم ئەگەر بڵێم تا ماوەی شەش حەوت ساڵیش لەمەوبەر نوسەر و دەرهێنەر و نمایشکردن و ئامانجی زۆربەی سیناریۆکان بەهەردوو جۆرەکەیەوە روون نەبون بۆ خەڵکی، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بوو بێت یان هەر هۆکارێکیتر بوو بێت هەموو دەستە نهێنیەکانی نێو سیناریۆکە دەناسنەوە، ئەمەش بەهۆی لاوازی ئاستی سیناریستەکە نیە، بەڵکو ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان سیناریۆکانی دەسەڵات هێندە زۆر و بۆر و لاوازن ئیتر کەس باوەڕی بەو هەموو چالاکیە نا هونەریانە نەما لە بوارەکانی نواندا، چونکە دەزانن ساختەن، هۆکاری دووەمیش بۆ ئاستی هۆشیاری بینەوانی ئەو سیناریۆ لاوازانە دەگەڕێتەوە، کە ئیتر کەس نایەوێت کاتی خۆی بەدیار ئەو نمایشە لاوازانەوە بکوژێت.

سەبارەت بە سیناریۆکەی ئەم دواییەی دەسەڵاتیش لە بادینان، سیناریۆکەی دەسەڵات هێندە لاواز و گاڵتە ئامێزە بینەرە جیدیەکان نایانەوێت نەک بینەر تەنانەت بیسەری نمایشەکەشبن، ئایا خۆتان دەزانن لایەنگرە بەویژدانەکانی خۆشتان خەریکە باوەڕ بەچاوی خۆیان ناکەن لە نمایشی ئەم سیناریۆ گاڵتە ئامێزەدا، بەڵام خۆشبەختانە نمایشی سیناریۆی ئەمجارە عەقڵ و لۆژیک و ویژدانی زۆر کەسی ئاشکراکرد.

ئاخر لەکاتێکدا نوسەر و ئامادەکار و پێشکەشکەر و دەرهێنەر و تەنانەت سپۆنسەری ئەم سیناریۆ گاڵتە ئامێزە ئاشکرابن، ئیتر ئەو هەموو چەلەحانێ و پەردەپۆشکردنی راستیەکان بۆ؟؟؟ ئەوانە کێن بەو مەهزەلەیە باوەڕدەکەن؟ لە کاتێکدا لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی تایفی لە پارێزگاکانی تری عێراقدا دەسەڵاتی کوردی شانازی بەوە وە دەکرد کە هەرێمی کوردستان بوە بە ئارامگایەک بۆ برا ئاوارە مەسیحیەکان! ئەو بانگەشەیەی جاران لەکوێ و ئەو نمایشەی ئەمڕۆ لەکوێ!

جارێکیتر مەخابن لە کاتێکدا هەمومان توانای جیاکردنەوەی حەق و ناحەق و جوان و ناجوان و راست و هەڵە و سپی و رەشمان هەیە لەیەکتر، کەچی بەرژەوەندی تایبەتی خۆمان وای لێکردوین کە ناهێڵێت بەیانی راستیەکان بکەین، ئائەمەیە سەرچاوەی نەهامەتیەکانی ئەم میللەتە ، تائاواش بیر بکەینەوە دەبێت هەردەم چاوەڕێی سیناریۆی هاوشێوەی ئەم سیناریۆیە و سیناریۆکانی رابردووبین!

لەکۆتایدا داوا لەدەسەڵات دەکەم لەمەودوا بۆ نوسین و ئامادەکردن و دەرهێنانی سیناریۆی نوێ بۆ نمایش بەوای کەسانی بەتوانادا بگەڕێت، بۆ ئەوەی بینەران باوەڕ بەچاوی خۆیان بکەن، چونکە ئیتر ئەو جۆرە سیناریۆیانە شایستەی نمایش نیین.